# مۆدیلی سەعدیات لای پارتی و یەکێتی

# لە گەشە سەندن دایە

**رەشید عەلی**

لە دوای سالی 91 وە پارتی و یەکێتی لەهەموو بوارەکانی ژیان سیستەمی فیفتی بە فیفتی پەیرەو دەکەن ,هەرلەبوونی حکومەتەوە تادەگاتە فایلدارایکەوە, بۆیە ئەگەر هەرلایەنێکیان گرنگی بە بابەتێکەوە بدات ئەوەی تر ئەلتەرناتیفێک بەرامبەری پەیدا دەکات.

ماوەیەکە دیارەی سەعدیات سەری هەلداوە بۆیە ناوی سەعدی وەک دراوی ئیرۆ لەهەلکشان دایە .,ناوبانگیشیان هیچ کەمتر نیە لە سەعدی علی .

یەکێتی وەک ئەوەی تێکۆشەرێکی تری لە هەولێر نەبێت گرنگیەگی بێ سنوور بە سەعدی پیرە دەدات وەک ئەو پلەیانەی هەیە بەرپرسی مەلبەندی3 و نوێنەری وەفدی کورد لەبەغدا لەگەرمەی گفتوگۆکان لەسەر دەستوور,ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و قسەکەری زۆربەی کەنالەکانی راگەیاندنی یەکێتی..........

لەمبەریشەوە پارتی گرنگیەکی بە هەمان سنوور بە بە سەعدی بەرزنجی دەدات

کەتاماوەیەک لەمەوبەر گەورەترین هەستیارترین شوێنی زانستیان خستبووە بەردەستی ئەویش سەرۆکی زانکۆی سەلاحەالدین بوو,ئێستاش نوێنەری کوردە لەبەغدا و قسەکەری پارتیە لەزۆربەی چاوپێکەوتنەکانی کەنالەکانی راگەیاندن جا چ کوردی بێت یان عەرەبی

بەتایبەتی بەرنامەکەی عەبدوالرەزاق عەلی تا ئێستا 5 جار چاوپێکەوتنی لەگەل کردوە.

سالی پار د کەمال لەکۆرێکی پالتاکدا زۆر بوێرانەپەردەی لەسەر ئەوە هەلمالی کە هەردوکیان فایلدارن ,وەلێ د کەمال ئێستا لەزیندانی بنەمالەی بارزانیە و ئەم دوو فایلدارەش ریش سپی کوردن.

ئەم دوو سەعدیە جگە لەوەی خالی هاوبەشیان فایلداریە ,بەلام لەزۆر خالی تر هاوبەشن وەک هەردووکیان رۆلێکی گرنگیان بینی لە خۆشکردنی شەری ناوەخۆ ,هەموو خەلکی هەولێر باش دەزانن ئەم دوو سیخورەی رژێم چۆن شەوانە بەنزینیان بە ئاگری شەری ناوەخۆ دادەکرد و لەئەنجامی ئەم شەرەش کورد چ زیانەکی بەرکەوت بەتایبەتی شاری هەولێر.

هەردووکیان قسە زان وزۆر ئیدارین گەر مرۆڤ گێ لە ئاخاوتنەکانیان بگرێت زۆر بە زولملێکراویشدێنە بەرچاو.

من خەم لەو کوردە نەگبەتە دەخۆم لەهەلبژارنی مانگی یەکی ئەمسالدا بەفرۆکە2 جاران هەزاران کیلۆمەتری لەنێوان کەنەداو ئوستراليا بری تەنیا دەنگ بدات بەکورد یان سەدان و هەزاران کوردی هەندەران بەچەند کاتژمێر سواری پاس و ئۆتۆمۆبیل بوون تابچن دەنگ بدەن, کەچی ئەم فایلدارانە نانەکەی دەخۆن. مام جەلالیش بەبیژی وزۆل ئەو خەلکانە ناو زەند دەکات کە چەپلەیان بۆ لێ نادەن.یان دەبێت عەرەب

بەلێ تۆ خوێنی شەهیدان دەنگ مەدەن بە 730 تا سەعدون شاکرو سەعدون حمادیش ..................بەقوربانیەکانی کورد نەبۆنەتە وەزیرێک چونکە پارتی و یەکێتی شەرمیان لا نماوە,ئەگەرنا لە یەک ملیۆن هەولێری 2 کورد پەروەری ترنیە جگە لەو سەعدیانە نەبێت.